كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
2-6-2007 12:56بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لە پەراوێزی / مەسەلەی ئۆتۆمبێلەکانی ـ ڕۆژنامەی (خەبات) دوە: ... مەسعود پەرێشان

ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی 2007/5/30، لە ماڵپەڕی "کوردستان پۆست"دا بابەتێکی سەیرم بەرچاو کەوت، لە ژێر سەردێری "سەرنووسەری ڕۆژنامەی ـ خەبات ـ چی لەو هەموو ئۆتۆمبێلە دەکات؟" کە خودی بابەتەکە بریتییە لە هێرشێکی نارەوای پڕ لە زانیاری ناڕاست، لەسەر خودی کاک نەژاد عەزیز سورمێی سەرنووسەرمان، کە لە بەرەنجامەکەیدا ئێمەمانانی بەرپرسی جیاجیای ئەو ڕۆژنامەیەش دەگرێتەوە، بە تایبەتیش هەردوو سکرتێری نووسین و بەرپرسی ئیدارەو بەندەی بەرپرسی خزمەتگوزارییەکانیش.

بۆیە وەکو بەرگریکردن لە کاری خۆم، بەپێویستی دەزانم زۆر بە هێوری هەندێ لە ڕاستییەکانتان بۆ ئاشکرا بکەم و وەکو هەر جارێکی دیکەش بەناوی ئاشکرای خۆم لەگەڵتان بدوێم، نەك وەکو بنووسی ئەو بابەتە چەواشەکارییە کە جورئەتی ئەوەی نەبووە، ناوی ڕاستەقینەی خۆی بنووسێ، لە نووسینەکەشیدا ئەوە دەردەکەوێ کە نووسەرێکی ناسراو نییە،

بەرایی دێتە سەر گەندەڵی و ڕاگەیاندنی تێوەدەگلێنێ و بە ـ خەبات ـ یش دەست پێدەکات، هەر لە پرسگەوە تا ژووری سەرنووسەر کە بەڕای ئەو هەموویان گەندەڵن! دواتر لەوە دەگەین کە هێرشەکە لە بنەڕەتەوە تەنها بۆ سەر خودی سەرنووسەری خەباتە، کە دەڵێ: سێ چوار ئۆتۆمبێل بۆ ـ خەبات ـ هاتوون، کە سویچەکان لەلای سەرنووسەرن و تەنها بە فەرمانی ئەو سلفیان لێ دەدرێ.

کە ئەمە زۆر دوورە لە ڕاستی و ئەو تۆمەتەش هەر هەموومان دەگرێتەوە، چونکە پێش هاتنی کاک نەژاد ڕۆژنامەی خەبات یەك تاقە ماشێنیشی نەبوو، بەڵام لەگەڵ هاتنی کاک نەژاد یەکسەر پیکابێکی بۆ دابین کردین،

ئێستاش کە بەهەوڵی تاکەکەسی خودی کاك نەژاد، پیکابێك و پازدە نەفەرییەکەمان لە ئەنجوومەنی وەزیران وەرگرتووەو هاوکاتیش کۆرییەکان ماشێنێکی مامناوەندییان داوینەتێ و ئاگری لە دڵی ئەو نەخوێندەوارە بەرداوە، بەوەی دەیەوێ دەیان جۆرە زانیاری چەواشەکار بە خوێنەرانی ئەو ماڵپەڕە بگەیەنێ، ناچارین بە وردی و بەخێرایی لە ڕاستییەکانتان ئاگادار بکەینەوە.

جارێ پێش هەموو شتێك، هێشتا ئەو سێ ماشێنە ژمارەی دایەرەی هاتۆچۆیان وەرنەگرتووە، واتە ناکرێ بەکاریان بەرین، کە ئێمە بەکاریشمان بردوون و لە بە کاربردنەکەشدا قسەی سەرنووسەریشمان شکاندووە. دواتر لەگەڵ هاتنیان سویچەکان لە ئیدارەی "خەبات" ن و هەردوو سکرتێری نووسین و بەڕێوەبەری ئیدارەو بەندەش ئازادین لەوەی کاری ڕۆژنامەکەمانیان پێ ڕاپەڕێنین و پێش نووسینە چەواشەکارییەکی ئەو برادەرەشمان پازدە نەفەریەکە، ماوەی هەفتەیەکە کارمەندان دەگوازێتەوەو، هەرپێش ئەو نووسینەش هەردوو ماشێنەکەی دیکەمان بە گوێرەی پێویست بۆ کارەکانی خەبات بەکارهێناوە، بێ ئەوەی پرس بەبرای سەرنووسەرمان بکەین، چونکە ئەوە هێندەی پەیوەندی بە من و کاك عەزیزی ئیدارەوە هەیە، نیو هێندە جەنابی سەرنووسەر خۆی لێ نەکردوونەتە خاوەن، بەتایبەتیش ماشێنە کۆرییەکە، کە چەواشە نووسەکە دەیەوێ وامان تێبگەیەنێ کە سەرنووسەر بە تەمای لووشکردنیەتی، کە لە بنەڕەتدا یەکجار بۆ ترای لەگەڵمان سوار بووەو دواتر بۆ جاری دووەم سواری نەبووەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خاڵێکی دیکە کە ناکرێ وەڵام نەدرێتەوە بریتییە لەوەی دەڵێ: تەنها یەك دوو کەسی ماستاوچی خۆشیان دەوێ، ئەگینا کەسی دیکە خۆشی ناوێ! لە وەڵامدا هەر لەخۆی دەپرسمەوە، ئەرێ لەوەتەی هەی "لەگەڵ رێزم بۆ هەموو سەرنووسەرەکانی پێشووم" کەی وا بە ئازادی چویتە ژووری سەرنووسەر؟ ئەرێ سەرنووسەر هێندەی لەناو ئێمەو لە ژوورەکانی ئێمەو بەتایبەتیش ژووری سکرتێرەکانی نووسین و کۆمپیوتەرو.. تاد. دەژی هێندە لە ژووری خۆیەتی؟

دیسان بەو کۆلکە نووسەرە دەڵێم فەرموو وەرە من و تۆ راپرسییەکی نهێنی لەسەر خۆشەویستی ئەم سەرنووسەرە دەکەین، بزانە لەخۆت بترازێ، یەك "نا"ی دیکەت بۆ دێتەوە؟

ئەمە تەنها خۆشەویستی من نییە بۆ نەژادو ئەویش خوا شاهێدە پێویستی بە ماستاوی کەس نییە، بەڵام ئەوە هەقیقەتی ژیانی ئەو نەژادەیە کە ئەگەر دەمەو ئێواران بە "پێ" نەك بە "ماشێن"سەرێك لە نووسەرانی نێو چاپخانەی مەچکۆ نەدات، وەکو ئەوەیە شتێکی ونکردبێ و نووسەرانی ئەوێش دەپرسن ئەرێ نەژاد بۆ دیار نەبوو.

نامەوێ زیاتر درێژەی پێ بدەم، بەڵام غەدرم پێ قەبووڵ ناکرێ، بۆیە ئەم چەند خاڵە چەواشەکارییانەم راستکردنەوەیە، کە رەنگە نەژاد پێی خۆشنەبێ.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.